**قەڵەمی کامیل ژیر  و حەزرەتی ئوستاذ**

هەڵۆ بەرزنجەیی25.10.2020

ئوستاز هەرگیز درۆی نەکردووە و قسەی ڕاستیشی نییە»... کامیل ژیر

لە نێو گرووپی بەشیرستەکاندا، کەس هێندە ی مامۆستا« کامیل ژیر »قەڵەمی بەپیت و فرە بابەت و نووسینی نییە و  هێندە کۆڕ و سەمیناری نەگرتووە گرتووە  لەسەر حەزرەتی ئوستاز/ بەشیر موشیر...

مامۆستا ژیر

هەڵبەت جەمال نەبەز لە نزیکترین ئەوانە بووە، کە  رۆحی ئوستازیان تێدا تواوەتەوە- لە شوێنێکی تردا باسی دەکەین- بەڵام بەداخەوە، بۆ خۆی چ بابەتێکی سەربەخۆی لەسەر ئوستازەکەی نییە .

عێزەدین .م. رەسوولیش بەرهەمێکی سەربەخۆی بەناوی ئوستاز هەیە، بەڵام گاڵتەجارانە و بۆ مەرامێکی تایبەت نووسیویەتی...

ئیمڕۆ بەرهەمێکی مامۆستا ژیرم بۆ جارێکی تر خوێندەوە، کە بریتییە لە 4  شانۆنامە، دیاترینیان بەناوی گەورەپیاوSuperman /، کە ناونیشانی کتێبەکەشە تەرخانە بە باسی  «بەشیر موشیر...«

هەرکەسێ بیەوێ لە ژیان و کەسایەتی ئوستاز بکۆڵێتەوە پێویستە سەرنجی ئەم  تایبەتمەندی و خاڵە لای ژیر  بدات و پێشموایە ئۆتۆماتیکی خۆی ڕووبەڕووی ئەم ڕاستییە دەبێتەوە...

بەباوەڕی بەندە، ئەم دیاردەیە لای مامۆستا ژیر، جگە لە ئەمەک و ڕێزێک بۆ ئوستاز، هاوکات دەری دەخات، ئوستاز بە چ قەبارە و بارستاییەک کاریگەرێتی لەسەری هەیە  لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە، تا چەند ژیر لە ئوستازناسیدا قوڵ بۆتەوە و شارەزایی هەیە..

گەلێ ئازادیی لەیاد و بیر بێ

خاوەنی ڕۆڵەی وەکو بەشیر بێ

بەشیر موشیر بێ و کامڵ و ژیر بێ

بۆ کوردستانی قەڵغانی شیر بێ

ئەو گەلە ئەبێ بگا بە ئاوات

چەپڵە بۆ بەشیر موشیر لێ بدات!

بابەتەکە / شانۆنامەکە نزیکەی 43 لاپەڕەیەی و بە فلاشباک گەڕاوەتەوە بۆ بەغدای ١٩٤٨-١٩٦٣....

لەم بەرهەمەدا رۆحی زۆرینەی بەشیرستەکان «« جەمال نەبەز، عەلادین سوجادی، هەژار، مارف خەزنەدار، کەمال فوئاد و ئیحسان فوئاد، عیزەدینی مستەفا »و زۆری تر بە رۆحی گەورەی ئوستازەوە ئامادەییان هەیە .

دەستخۆشی لەم ئەمەک و خۆشەویستییەی مامۆستا ژیر دەکەم و خوایار بێت و تەمەن لەبار بێت، جارێکی تر بە درێژی دێمەوە سەر ئەم باسە.....

هەزاران تاجە گوڵینە بۆ سەر گڵکۆی کەسایەتی ئەفسانەیی کورد: حەزرەتی بەشیر موشیر/ ئوستاز هیوادارم مامۆستا ژیریش هەر بمێنێ بۆ خزمەت و پێشکەشکردنی کاری ناوازەی دیکە.... دوا دێری ئەم باسە بەم پەرەگرافە جوانەی مامۆستا ژیر،لە یادی 57 ساڵەی مەرگی حەزرەتی ئوستاز و کردنەوەی باخچەیەک بەناوێوە لە شاری سلێمانی کۆتایی پێ دێنم..

مامۆستا ژیر دەڵێ:

فەلسەفەی بەشیری، فەلسەفەی پێکەنینە .

بەڵێ پیکەنین. پیکەنین لایەنیکی گرنگە لەژیانی مروڤدا. پیکەنین زەردەخەنە ئەخاتە سەر لێوان، خۆشی ئەباتە ناو دڵان، رەوینەری پەژارەیە، بۆنەخۆشی چارەیە، پارێزەری دڵە، ئەندامەکانی لەش چالاکئەکا، ماسولکەکان بەهێزئەکا، وزەبەخشە، ئامێری بیرکردنەوەو بیرکەوتنەوە ئەپارێزێ، دڵەڕاوکێو گرژی ناهێڵێ، شآنەکانی بەرگری زیادئەکا، گەشبینی ئەبەخشێ، هۆکاری داهێنانە، خەمڕەوێنە، ئازارشکێنە، پەتاپەڕێنە، کەمکەرەوەی پاڵەپەستۆی خوێنەو گەلێ سودیتر. بەشیر موشیر فەیلەسوف و پزیشکی ئەم لایەنە گرنگەی ژیان و  کە تائێستاو تا هەتاش راژەی نەتەوەکەی پێئەکا.

دو خەسڵەتی کەسێتی کە لەبنچینەدا دژ بەیەکن (ساویلکەیەتی و بلیمەتی) لەپێکهاتەی بەشیر موشیردا هاوتەریبو گونجاوبون. بەشیر لەباری ئاساییدا کەسێکی سادەو ساویلکەبوو. لەکاتی خەوو خەیاڵدا: فەیلەسوف، جەوامیر، ئازا، سیاسەتکار، هۆنیار، سەرۆکبو. ئەو خەوو خەیاڵی لائەبو بەراستی. گەلێجار کەسایەتییە بلیمەتییەکەی کە لەکاتی خەوو خەیاڵدا ئەکەوتە کار، تاچەند رۆژێك یا چەند مانگێك بەرینەئەدا. ئەو کە ئەیوت لەتارانەوە بەپاپۆڕ چووم بۆ ئەنکەرە! خۆی وایئەزانی ئەوە ڕاستبووە....







باخچەی
بەشیر موشیر


مامۆستا
کامیل ژیر


ئەو کوردەی
ئینفالی نەبێ
ڕەسمەن گەوادە....
بەشیر موشیر